# شەهادەت

قوبادی جه لی زاده

jalyzada@yahoo.com

مەبورە .

مەبورە ..

لێم مەبورە ...

ئه وەندەی دەستم لە سەر گومەزی مەمکدا گرمۆڵە بووە ،

نیو ئەوەندە پانم نە کردۆتەوە بۆ دوعا !

مەبورە

مەمبورە

لێم مەبورە

ئەوەندەی لەبەردەم سەمایەکی رووتا کرنوشم بردوو ،

نیو ئەوەندە لەسەر سینکی بەرماڵێکا

نەنوشتاومەتەوە .

مەبورە

مەمبورە

لێم مەبورە

ئەوەندەی لە گۆمە گەرمەکانی لەشی ژندا مەلەم کردوە،

نیو ئەوەندە باسکم بۆ هەلگرتنی دەستنوێژ

هەڵنەکردووە .

مەبورە

مەمبورە

لێم مەبورە

رۆحم تەڕ تەڕە لە( عەورەت ) ی ژن

دەستم بە دەنکە هەنارەکانی گوناه سوور

چاویکم چلچرا مەمك و

چاوێکم رێژنە بارانی شەراب

دەمم باخچەیك شیعری حەرام و

هەناسەم

پۆلی پەپوولەی فاحشە .

خودایە بە چ روێکەوە تکای چۆڕی سەلسەبیل و

شنەی گەڵایەکی( طوبا ) و
ژوانی مەمکی فیشتەیەکت لێ بکەم ،
کە من هێشتا
بۆنی غەسساقێکی( عینکاوە )و
چرپەی گەڵایەکی (تووی مەلیك ) و
گۆی مەمکی ئادەمییەك
بەر ینەدابم ؟!
بە دەرگەوانی بەر دەرگای ( رەییان ) بڵێم چی
کە من هێشتا منا لێکی گەڕەکی سێو بم و
دەمم بەسەر کۆڵانەیەك ماچا بڕوانێ .
مەبورە
مەمبورە
لیم مەبورە
پەنجەکانم لە ڕنینی هێشووە ترێ و
لە چنگە ڕنێی هەورازی مەمکدا
ھ ە
ڵ وە
ر ی ن
ئیدی پەنجەیەك نەمایەوە بۆ
شەهادەت !!!